# مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)

## (68)ساڵە لەدوندی بڵندی لوتکە دایە وهێز نییە سەری پێ نەوی بکا.!



فەخرەدین تاهیر



دڵداری شاعیر 1918-1948




1963-1920

**ڕوونكردنەوەیەكی پێویست**

**لە( 20)ی مانگی شوباتی (2007) ولە(89)مین ساڵیادی لەدایكبوونی دڵداری شاعیردا بەڕێورەسمێكی بێ وێنە و بەهەوڵ و هیمەتی قائیمقامی شاری كۆیە خاتوو كوردەخانم وبە ئامادە بوونی مامۆستا فەلەكەدین كاكەیی وەزیری ڕۆشنبیری و شاندە یاوەریەكەی وسەرۆكی زانكۆی كۆیە دكتۆر خدر مەعسووم و هەندێك لە مامۆستاكانی زانكۆی ناوبراو و نوێنەرانی دەستەی بەیاسایی كردنی مارشی نەتەوەیی( ئەی ڕەقیب) كە بریتی بوویبوون**

لەم بەرێزانە:( مەهدی ئومێد، سەلاح مەحەمەد کۆیی ، لاڵۆ ڕەنجدەر، خاتوو تامان شاکر، کازم کۆیی ، فەخرەدین تاهیر)و هەروەها بەبەشداری تیپی موزیکی باواجی وبەئامادەبوونی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان وەک سەتەلایتی کوردستان و کوردسات و هەندێکی کەناڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆ و رادیۆ و ڕۆژنامەکانی کوردستانیش ئامادەی ڕێورەسمەکە بوون. وێڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکێکی زۆری شاری کۆیەش بەتایبەتی لەسەرەتای ڕێورەسمەکەدا لەسەر ئارامگەی دڵداری شاعیر کۆبوونەوە. بۆ نانخواردنی نیوەڕۆش بەرێز خاتوو کوردەخانم قائیمقامی کۆیە خوانێکی نانخواردنی کوردانەی لەمێوانخانەی قامشلۆ سازکرد و دوای نیوەڕۆش لە هۆڵی خاتوو نەجیبەی شەهید ئاهەنگێکی خنجیلانە بە ئامادەبوونی تیپی موزیکی باواجی کۆیە بە وتاری قائیمقامی کۆیە و وەزیری ڕۆشنبیری وشیعر خوێندنەوەو سروودی ئەی ڕەقیب و سترانی بە جۆشی کوردی یادەکە زێدەتر دەوڵەمەندتر کرا.



**ئارامگەی تازە نوژەنکراوەی دڵداری شاعیر،فۆتۆ: کامیرای نووسەر 20-2-2007 کۆیە**

دەستپێک

مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) لەهەڵبەستی هۆزانڤانی مەزن( یونس ڕەئوف) ناسراو بە (دڵدار)ی شاعیرە. دڵداری شاعیر لە (20)ی مانگی شوباتی ساڵی (1918)دا لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە و لە ڕێکەوتی (12)ی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی(1948)دا،لەیانەی هەولێر بەهۆی نانخواردنێکی پیس گەدەی ژەهراوی(تەسەموم)دەبێ و لە نەخۆشخانەی هەولێر پزیشکی ئێشکگر لەوێ نابێت و زۆریش لەسەر تەختی نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و هیچ پزیشکێکی دیکەشی بەسەر ڕاناگات ومالئاوایی دەکا و تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی شێخەڵڵا لە شاری هەولێر بەخاک دەسپێردرێت.

ئەوەی شیاوی گوتنە لە دەستپێکی تێکدانی بەشێکی زۆری گۆڕستانی شێخەڵڵا بۆ دروستکردنی بازاری هاوچەرخی هەولێر کە لەم ڕۆژاندا بەشێکی بەناوی بازاری (نیشتیمان)لەلایەن سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانییەوە کرایەوە، مەزاری (دڵدار)ی شاعیر بەر لەوەی ئەو شوێنەی لێ نێژرابوو بەر تێکدان بکەوێت، هەندێک لە خزم و دۆست و ئەدەب دۆستان بەبێ ئەوەی حکومەتی کوردستان یان وەزارەتی رۆشنبیری لە سەردەمی وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری یان یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر بە ڕێو ڕەسمێکی شایستە و قەدرگران و بەئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (ئێسک و پرووسکەکانی)لە تابووتێکی دیکە و بە ئاڵای کوردستان پێچراو و بە خوێندنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) بە ڕێز و حورمەتەوە ڕەوانەی زێدی بابوباپیرانی بکەنەوە، بەڵکو بەبێدەنگی خزم و دۆست و هەندێک ئەدەب دۆست تەرمە بێ نازەکەیان بردەوە کۆیێ،مخابن نە حکومەت نە وەزارەتی ڕۆشنبیری و نەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ئاگایان لێ نەبوو بەڵکو لەپڕخەی خەودا بوون و پڕخەیان ڕۆژ ڕێیەک دەڕۆیشت، بێگومان لەو چەند ڕۆژانەی ڕابردووشدا مەزاری پیرۆزی (دڵداری)شاعیر لە زێدی بابو باپیرانی سووکایەتی لەلایان چەند دەستێکی چەپەڵ و مێشک ژەنگاوی پێکرا و مەزارەکەیان شێواندبوو و بەوەش نەوەستا بوون هەڵبەستی مارشی نەتەوەیی ( ئەی ڕەقیب)یشیان ،کە لەپشت سەری مەزاری (دڵدار)ی شاعیر لەسەر دیوار بەخەتێکی جوان نووسرابۆ وە و هەڵواسرابوو، بەبۆیەکی سپی ڕەنگ ئەم دێرەیان کە دەڵێت:((**ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین، دینمان ئاینمانە نیشتمان**))کوژاندبوویانەوە، هەروەک لەکەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بینیمان. لەمەشیاندا هەر تەنیا (مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی) هەڵوێستێکی کوردپەروەرانی بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە نواند، کەچی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ئەمجارەشیان نقەیان لێوە نەهات. ئەوەی شیاوی گوتنە ئەز ناخوازم لەم نووسینەمدا دەربارەی (دڵداری)ی شاعیر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی شیعری وهونەری وەرگێڕان وبواری ڕۆشنبیری ئەو کەڵە شاعیر وئەدیبە ناسراوی کورد بەسەر بکەمەوە، بەڵکو لەم دەرفەتەدا دەمەوێت زێدەتر لەسەر هزری سیاسی و نەتەوە پەروەری و ئەو گەش و هەوایەی هەڵبەستی (ئەی ڕەقیب)ی تێدا لە دایک بوو و دواتریش ئەم

هەڵبەستە چۆن بوو بە مارشی نەتەوەیی کورد و هەموو سنووره دەستکردەکانی کوردستانی مەزنی بەزاند و لە هەموو ماڵە کوردێک چ لە کوردستانی مەزن و چ لە تاراوگە لەو شوێنانەی کوردی تێدا بژیت ئامادەییکی ڕوحی وبەردەوامی هەیە. وەک ئاگادارم لە هەندێک بەشەکانی دیکەی کوردستاندا،کاتێک لەبۆنەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەییدا بەمارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) دەخوێندرێت ،هەڵبەتە دەستپێکی ئاهەنگەکە بە مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) دەست پێدەکا و ئامادەبووی ئاهەنگەکە بۆڕێزلێنان لەم مارشە نەتەوەییە لەسەر پێ و دەست بەسینگەوە دەگرن و دەوەستن تا مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب)تەواو دەبێ.

مامۆستا عاسم حەیدەری کوردپەروەر بیرەوەری خۆی لەگەڵ ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی(1946)ی هەولێر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئاهەنگ بە سروودی (ئەی ڕەقیب)ی نەتەوایەتی کرایەوە لایەن هەندێ لە قوتابیانی قوتابخانەکانی سەرەتایی هەولێرلەپاشانا کۆمەڵێک لەلاوە کوردەکان شایی و هەلپەرکێ ییکی جوانیان پێشکەش کرد،ئنجا بە ناوی لیژنەی ئاهەنگەوە ووتارێک خوندرایەوە،لە ووتارەکەدا ووترا کە ئەم جەژنە جەژنێکی نەتەوایەتی هەموو کوردە، ....(1)تاد

## بیری نەتەوەیی و ڕەنگدانەوەی لەنێو شیعرەکانی (دڵدار)ی شاعیردا

دڵداری شاعیرهەر لەسەرەتای گەنجیدا هزر و بیری ناسیونالیستی لە شاری هەولێر لەکنی چێ دەبێ و هۆکاری ئەو پێشکەوتنەش لەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەمە واتە نێوەڕاستی ساڵانی سییەکانی شاری هەولێر سەنتەری بزاڤێکی سیاسی بەرفرەوانی نەتەوەییانەی چالاک بووە.

دڵداریش لەنێو ئەو بزاڤ و چالاکیە سیاسیانەی ئەو دەمەی شاری هەولێر خۆی دەبینێتەوە.

لەم بارەوەش مامۆستا گۆران سۆران فەیزی لە کێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی: لەساڵی 1937 ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی (نهێنی) بەناوی (دارکەر) دروست بوو،زۆربەی لاوە ڕۆشنبیره خوێن گەرمەکانی ناو شاری هەولێر بەگەر ئەم ڕێکخراوە نەتەوەیە کەوتن.

مامۆستا گۆران لە درێژەی لێکۆڵینەوەکیدا دەنووسێ: سەرەتای دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە لە شاری هەولێر دەستی پێ کرد،چونکە کۆمەڵێک لە قوتابی خاوەن بیرو بۆچوونی نەتەوەیی بڕیاریاندا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی پێکەوە بنێن.

دامەزرێنەرە بەرایەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەمانە بوون( یونس ڕەئووف دڵداری شاعیر،مستەفا عوزێری،جەلال قادر، موسا سەمەد،ئیحسان حاجی ئەحمەد باغچەچی،...هتد)وە لە ئەندامە چالاکەکانیشی خوالێخۆشبووان فەتاح و ڕۆستەم عەبدولجەبار بوو.گشتیان خەڵکی شاری هەولێر بوون تەنیا( یونس ڕەئووف دڵدار) خەڵکی کۆیە بوو.

لەزۆربەی سەرچاوەکاندا باسی ڕۆڵی نەتەوەپەروەری پێشکەوتنخوازی شاعیری نوێخوازی ناسراو (یونس ڕەئووف دڵدار) دەکرێ لە دامەزراندن و هەڵسوڕاندنی ڕێکخراوەکە هەر خۆیشی ماوەیەک سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بوو.شایانی باسە لەم ماوەیەدا شاعیری ناوبراو لە شاری هەولێر دەژیا (2).

ئەوەی شیاوی گوتە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی (دارکەر) هەموو ئەندامەکانی چوونە نێو حیزبی (هیوا) و دڵداری شاعیریش بەهۆی ژیر و دانایی خۆی دەکرێتە سکرتێری حیزبی هیوا.
مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین دەربارەی جموجۆڵی سیاسی کوردایەتی دڵداری شاعیر نووسیویەتی: دڵدار وەنەبێ هەر بەسۆز و عاتیفەی ناسک وەیا بە شیعر و خەیاڵاتی پڕ ئاوات باری نالەباری پڕ تەنگ و چەڵمەی کوردی چارەسەر کردبێ بەڵکو وەک هەر ڕۆڵەیێکی خەباتکەری تر هاتۆتە مەیدانی تێکۆشانی پڕ مەترسی سیاسی سەردەمی خۆی،لەساڵی (1938)دا چووە پاڵ حیزبی هیوا وە بەهۆی زرنگ وچالاکی ولێ هاتوویی خۆی لەماویەکی کەم دا بوو بە سکرتێری ئەو حیزبە.وە بەچاوی پڕ ڕێزو خۆشەویستی لەلایەن ئەندامانی سەرکرایەتی بە تایبەتی سەرۆکی حیزب (مامۆستا ڕەفیق حلمی)یەوە سەیر کراوە.هەوڵ و کۆششێکی زۆری لەپێناوی پێش خستن و بەهێز بوونی ئەم ڕێکخراوە نەتەوەیی یە تازەیەکرد،پێش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەساڵێک واتە لە (1944)دا (هیوا)لەبەر هەندێ هۆی سیاسی تێک چوو... وەلە سالی (1945)بەتەواوی نەما ئەو تاقی کردنەوە سیاسی یە و بڵاوبوونەوەی بیروڕای نەتەوایەتی وپێشکەوتن خوازی لەناو گەلاندا بەتایبەتی پاش کۆتایی شەڕ و لەناوچوونی بەرەی فاشیەتی کەکارێکی گەورە و گۆڕانێکی گرنگ و بارێکی تازەی خستەکایەوە..ئەمانە و ئارەزووی گەرم و گوڕی خزمەت کردن و بەردەوام بوون لەتێکۆشانا بوونە هۆی ئەوەی کە دڵدار ڕێبازێکی تری سیاسی بگرێ و لە ساڵی (1946) دا بچێتە ناو حیزبی(تحرر)و، بوو بە ئەندامێکی کارامە و دیار و کوڵنەدەر(**3**).
بەگوێرەی ئاخاوتنەکانی مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین دەردەکەوێت کە دڵداری شاعیر دوا حیزب خەباتی سیاسی و کوردپەروەری لەگەڵدا کردبن پێموایە(حیزبی ڕزگاری) بووە.
بێگومان ئەو هەموو چالاکییە سیاسیانەی دڵدار تێیدا دەژیا بوون بەهۆکاری ئەوەی کە بیری نەتەوەیی لەکن دڵداری شاعیر زێدەترگەشە بکات و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئینتیمای بۆ خاک و نەتەوەکەی لە پێشی پێشەوە دابێت.
دڵداری شاعیر خۆشی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەربارەی خۆ پێگەیاندنی خۆی لە ڕووی بیری کوردایەتی بەم شێوەیە باسی لێوە کردووە و نووسیویەتی:بەحەماسەتەوە لەکتێبخانەی کاکەم سەعدی دەستم پی کردکە موتالەعات بکەم،لەپێش هەموو شتێکا،تەئریخی سەورەی فرانسە و تەئریخی یونانم بە تورکی موتالەعە کرد،لەپاشان تەئریخی ئیستیقبالی جەلال نوری مەشهوورم هەرسێ جوز تەدقیق و خویندنەوەو تەئریخی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ و تەئریخی بابان و سۆران و موکریانی سەید حسین حوزنیم بە کوردی خوێندەوە.ئەمانە هەمووی دروشمی رابوودوییان هێنامە بەرچاو،لەگەڵ خۆم موجادەلەم ئەکرد،مام بەرەبەرە مێشکم بکەمەوە،تەقدیری تەئریخ و تەنفیزی بکەم(**4**).
بێگومان لەو چەند دێرەی (دڵدار)ی شاعیر باسی لە ژیانی خۆی کردووە،بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە چۆن گەشە و پەرەی بەبیری کوردانەی خۆی لە بواری ڕۆشنبیرییەوە داوە.

هەر دڵدار بەر لەوەی بچێتە نێو دونیای شیعر نووسین،خۆی لەم ڕووەوە لە و چەند لاپەڕەی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: لەم تەئریخە بوو کە دیوانی نالیم زۆر بە وردی خوێندەوە،شیعرە جوانەکانی نالی لەگەل شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر لە مێشکمدا لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەریان بوو، لەم شەرە شتێکیان بەمن بەخشی، ئەویش بۆ شیعرو ئەدەبیات رواندمیان،زۆر خەیالی وام لە میشکدا بوو کە حەزم دەکرد بە ناو خەلقیدا بەرپایان بکەم خۆم ئیمتیحان کرد کەئەتوانم شیعر دابنێم شەوێکیان تا درەنگ نەنووستم قەسیدەێکی پانزە بەیتیم دانا، کە تەسەوری دایکێکم تێدا کردبوو، بۆ رۆڵە لە سەورە کوژراوەکەی چۆن ئەگریا! ئەمە یەکەم شیعر بوو کە داماوە،ئێستا تی ئەگەم،ئایا بۆچی قەسیدەێکم لەسەر تیلابی چاوی کچێکی جوان دانەنا ؟ ئایا ئیحساسم نەبوو ؟ یان لاو نەبووم...؟ بەڵێ هەم ئیحساس و هەم گەنجایەتیم هەبوو، بەڵام نالی کە بۆ دڵداری ڕای ئەکێشام و حاجی قادر کە بۆ نیشتمان پەروەری ڕای ئەکێشام ئەم دوو شا شاعیرانە هەردووکیان جیاجیا تەئسیری خۆیان لە دڵم کردبوو،بەڵام موتالەعاتی تەئریخم و موحیتە ئاگرینەکەم و نەفسیەتی بۆ خزمەت تێنوم ئەمانە هەرسێکیان منیان بەلای (حاجی)دادا هەر کە ئەمویست غەزەلێکی غەرامی بلێم دەنگی پیرۆزی حاجی بەسەریدا ئەقیژاندم و ئەی فەرموو:

**باسی زولفی درێژ و چاوی بەخەو**

**نەبڕاوە بووە تڕی خەسرەو**

ئێتر دەستم لە قەلەم شل دەکرد مەجرای تەفکیرم ئەگۆراند(**5**).

دڵداری شاعیر لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا دەبێژێت: من لە هەولێر هەر شیعرێکم کە دائەنا،نیشانی جاهیدم ئەدا، ئەویش زۆر نازکانە بۆی تەسحیح ئەکردم ئەمە لەنگە،ئەم کەلیمە بە قافیە نیە،ئەم ووتارە زەعیفە،ئەوهابی باشترە ئەم بەیتە لەگەڵ هینەکەی پێشە خۆی لە وەزندا جیاوازن ئێتر بەم سوورەتە چەوت و چێلی شیعرەکانمی راست ئەکردەوە، لە پاشان دەستی ئەگوشیم و ئەیووت (تەبریکت ئەکەم) رۆژ بە رۆژ بەرەو تەکامول ئەڕۆیت،تۆ لە موستەقبەلدا ئەبیە شاعیرێکی باش ئەم تەشجیعەی جاهید رۆژ بە رۆژ مێشکی ئەکردمەوە مەراقی شیعر ووتنی زیاد ئەکردم(**6**).

ئەوەی شیاوی گوتنە لەو چەند لاپەڕە کەمانەی بیرەوەرییەکانی دڵداری شاعیر بۆمان دەردەکەوێت کە بە چ شێوەیەک پەرەی بە بیروباوەڕی نەتەوەیانەی خۆی داوە و هەروەها بە شیعرەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی مێشکی خۆی بە شیعری ئەوان و هەندێک شاعیری دیکەی پێش و پاشی خۆی موتربە کردووە و ئەو هەوڵە گرنگانەی دڵداری شاعیر بوونە هەوێنی شیعرە سیاسی و ئەڤینداریەکانی، هەڵبەتە هەڵبەستی (ئەی ڕەقیب) نموونەی لوتکەی شیعری سیاسی دڵداری شاعیرن.

دڵداری شاعیر هەر چەندە هەر (30)ساڵ ژیا بەڵام لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا توانی جێ پەنجەی خۆی لەسەر بزاڤی مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردی بەجێ بهێڵێت و زێدەتر بە شاعیرێکی شۆڕشگیری کورد بەناو بکرێت.

هەروەک لەلای هەمووماں ئاشکرایە شیعری (ئەی ڕەقیب) کە وەک مارشێکی نەتەوەیی لەناو نەتەوەکەی ناوبانگی دەرکرد و بووە سیمبۆڵی نەتەوە، ئەوەندەی دیکە (دڵدار)ی شاعیری مەزنتر کرد.
لەم ڕووەوەش بیریاری مەزن مامۆستا مەسعود مەحەمەد لە بیرەوەری گێڕانەوەی خۆی لەگەڵ دڵداری شاعیر دا لە ڕووی شیعری نەتەوەپەروەری بەگشتی و شیعری (ئەی ڕەقیب)دا نووسیویەتی: **فکری خەستی قەومایەتی دڵدار کە لە سروودی (ئەی رەقیب)دا دەردەکەوێت و وێنەکێشی ویژدانی کۆمەڵایەتی ئەوسایەتی،لە ووتووێژدا خەستتر و پاڵاوتەتر رابەر پەرست خۆی دەنواند** (7).
مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدینیش دەربارەی شاعیریەتی دڵداری شاعیر نووسیویەتی:یەکەم،سروودی ئەی رەقیب دووهەم هەڵبەستی (لالەباس)ئەم دوو پارچە شیعرە بەتەواوی وەکو بیروڕای دڵدار لە هەموو روێکەوە نیشان دەدا.دڵدار لە پلەی ژیانی یەکەمدا سەرکەوت،بەڵام لە پلەی دووهەمدا دەستی ئەجەل یەخەگیری بوو ماوەی نەدا،زۆر ئاواتی لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاکەوە بەڵام وەکو حاجی قادر فەرمویەتی:

**مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە**
**ئەوی باقی بمێنی هەر ناوە**

لە جێگاێکی دیکە مامەندی کەرکوکی شاعیر دەڵێت:

**بەری سەعی و فیداکاری گەلێ شیرینە وەک شەککەر**
**وەتەن پەروەر عەزیز و گەورەیە زۆر بەرزە عینوانی** (8)

مامۆستا مومتاز حەیدەری رۆژنامەنووس (**ئەی** رەقیب)ی دڵداری شاعیری بەم شێوەیە شرۆڤە کردووە و دەنووسێ: دڵدار هەر چەندە تەمەنێکی کورت ژیاوە،بەڵام ژمارەی هەڵبەستەکانی کەم نی یە بە پی ی کورتی تەمەنی.لە هەڵبەستی(ئەی رەقیب) کە نموونەیێکی زیندووە،
دڵدار پەنجە بۆ دوژمنانی گەلی کورد درێژ ئەکات و باسی قارەمانی یەتی و نەمری میللەتی کورد ئەکات.
مامۆستا حەیدەری لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت:ئەوەی شایانی باسە هێز وکاری ئەم هەڵبەستە تا ئەمڕۆ ماوە،وە بۆ ماوەیێکی زۆر دوور و درێژ لە سەردەمی ڕۆڵەکانی میللەت لە تێکۆشانی خوناوی یانا،لەسەر لووتکەی شاخە سەختەکانی کوردستان تێکەڵ ئەبێ لەگەڵ دەنگی تفەنگی چەنگاوەران،وە گوی هەزاران منالانی کوردستان پێ ی ئەزرنگێتەوە،تا سەربەخۆیی و یەکیەتی کوردستان بە تەواوی بەدەست ئەهێنن،....تاد (9)

**دڵدار و هەڵبەستی (ئەی رەقیب) و شێخ حوسێن بەرزنجی و ئاوازەکەی..!**

ئەوەی جێگەی باسە تا هەنوکە لە نێو رۆشنبیران و نووسەرانی کورد مشتومڕ دەربارەی هەڵبەستی (ئەی رەقیب) و مێژوو و شوێنی لە دایک بوونی زۆرە و هەر یەکێک بەشێوەیەک باسی لێوە دەکات.دڵدار ئەو دەستنووسەی لەدوا جێماوە و دواتر بۆ دواجار خانەوادەکەی لە

شاری کۆیه داوایانەتە دەست نووسەری ناسراو مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین و بەرێزیشیان لە ساڵی (1985)دا بەچاپی گەیاندووە و لەم دیوانەی دڵداری شاعیر کە بەسەرجەمی بەرهەمەکانی دەژمێردرێت، تەنیا دوو هەڵبەستی لەم دیوانەدا لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ڕێگای بڵاوکردنەوەی لێ گیراوە، لەم بارەوە مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین لە پێشەکییەکەی خۆیدا بەم شێوەییەی بۆ خوێنەران روونکردۆتەوە و نووسیویەتی: دلدار شیعری بڵاونەکراوەی کەمە هەرچی هەیەتی لە دیوانە چاپکراوەکەیدا هەیە تەنیا دوو پارچە شیعر نەبێ، یەکەم لە ژێر ناوی **(ئادەمیزاد و ئەدیان)** دووەم بەناوی **(موفرەدات)** ئەو دوو پارچە شیعرەش لەبەر پەیڕەوی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی ماوەی بڵاوکردنەوەی نەبووە،(10) **تاد.**

ئەگەر دیوانەکەی دڵدار بخوێنیتەوە هەست بەوە دەکەیت بەشی زۆرینەی شیعرەکانی شوێن و مێژووی نووسینی شیعرەکەی بەسەرەوە هەیە، تەنیا چەند شیعرێکی نەبێت کە شوێن و مێژووی شیعرەکان دیار نییە، یەکێک لەمانە شیعری (ئەی ڕەقیب)ە شوێنەکە شاری (کەرکووک)ە و بەڵام مێژووی نووسینی دیار نییە.

بەڵام لەنێو ڕۆشنبیر و نووسەران هەر یەکێک بە شێوەیەک باسی لێوە کردووە، ئەوانەی هاوتەمەنی دڵدارن پێیانوایە (ئەی ڕەقیب) لە ساڵی (1940)دا لە شاری کەرکوک نووسراوە. هەندێک نووسەریش لەگەڵ مندا گفتوگۆیان کردووە و دەڵێن: دڵداری شاعیر چۆن توانیویەتی لە تەمەنی (22)ساڵیدا شیعری وا بنوسێت.!

ئەز لە بەرسڤی ئەو هەموو برادەرە بەرێزانەمدا ئاماژە بە نووسینێکی مامۆستا گیوی موکریانی بەهەشتی دەدەم کە لە پێشەکی دیوانی دڵدار کەبۆجاری یەکەم لەساڵی (1961)دا لە چاپخانەی کوردستان لەشاری هەولێر بڵاویکردۆتەوە،مامۆستا گیوی موکریانی نەمر لە لاپەڕەی (8)دا نووسیویەتی: دڵدار یەکەمین هەڵبەستیکی کەچاپکراوە بۆ کۆڤاریی ڕووناکی ایمەی دانا بوو کە لە ژمارە (2)دا بلاوکرایەوە **(11)** و..تاد

بەوە دەردەکەوێت کە دڵداری شاعیر جاری یەکەم لە تەمەنی (17)ساڵاندا شیعری نووسیوە و بڵاویکردۆتەوە.

ئەوەی شیاوی گوتنە بەر لەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواو بکا و بچێتە زانکۆی بەغدا لە کۆلیجی ماف(حقوق) وەربگیرێت،سێ ساڵی خوێندنی دواناوەندی لە شاری کەرکوک خوێندووە. مامۆستا عەبدولخالیق عەلائەدین دەنووسێت: دڵدار پاش تەواوکردنی پۆلی دووەمی ناوەندی لە هەولێر هەواری دیسان دەگۆڕێ و دەچێتە ماڵی ئاسەفی برای کە لە کەرکوک مووچە خۆری دایرەی (ڕەی) بووە...لەساڵی (1940)دا سانەوی تەواو دەکات، وەماوەی ئەو سێ ساڵ خوێندنەی لە کەرکوک دا پایەکی بەرزتر لە ژیانی دڵدار بەدی دەکرێ، دەگاتە لوتکەی خوێن گەرمی لاویەتی و کامڵ بوونی هۆش و بیری،ئەو مەڵبەندە نوێ یە هەوێنی شیعر و ماخولیایەکی تری بەگیانی بەخشیوە،زۆر شیعری پتەوی نەتەوایەتی لەوێ داناوە وەک شیعری (ئەی ڕەقیب) وە شیعری (لاوی کوردان) و زۆرتریش بەرهەمی ساڵانی خوێندنی کەرکووکی یەتی...(12)...تاد.

هەرچی مامۆستای هونەرمەند عوسمان شارباژێری دەنووسێت: ژیاننامەی(ئاوازدانەر)ی سروودی ئەی ڕەقیب دەنگخۆش و هونەرمەند (حوسێن بەرزنجی)،ناوی تەواوی شێخ حوسێن کوڕی شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجییە)ساڵی(1920)لە(قادرکەرەم)لە
دایکبووە.خوێندنی سەرەتایی لە(قادر کەرەم) و(ناوەندیی) و(دواناوەندی)لە(قوتابخانەی سانەوی مەرکەزیی کەرکووک) تەواو کردووە.
مامۆستا شارباژێری لە درێژەی نووسینەکەیدا دەبێژێ: یەکێک بووە،لە دامەزرێنەرەکانی (کۆمەڵەی دارکەر 1937ز)ولە(1939)ئاوازی بۆ هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) داناوە ،...(13)...تاد.
بێگومان ئەگەر ئاوازەکە لە ساڵی (1939)دا داندرابێت، پێموایە دڵداری شاعیریش یان لە هەمان ساڵ یان ساڵێک پێشتر هەڵبەستی ئەی ڕەقیبی نووسیووە.
مامۆستای هونەرمەند عوسمان شارباژێری بە دوور ودرێژی چیرۆکی هەڵبەستی ئەی ڕەقیب و ئاوازەکەی بەبەڵگەوە نووسیوەتەوە وا من لێرەدا دەقی مامۆستا شارباژێری وەک خۆی دەگوازمەوە کە نووسیویەتی(شیعر و ئاوازی سروودی ئەی ڕەقیب) لەشاری کەرکووک لەدایکبوون.
(شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەدی بەرزنجی)دەڵێت: لەسەرەتای بواری کاری حیزبیدا لە(کۆمەڵەی دارکەر)لە کۆڕی خەباتدا بووین،کەلەساڵی(1937)لەلایەن کۆمەڵە لاوێکی قوتابیانی کورد بەنهێنی لە(قوتابخانەی سانەوی مەرکەزی کەرکووک)دامەزرا،(یونس ڕەئوف)ڕابەر و دامەزرێنەری(کۆمەڵەی دارکەر)بوو،ئامانج لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانی قوتابیانی کورد لە عێراقدا،هیوایەکی دوور،وئامانجێکی باڵاتر(کوردستانێکی ئازادو(کوردێکی ڕزگار و یەکگرتوو). ساڵی(1939)بوو، شەوێکیان کۆبوونەوەمان لە ماڵی کاکە حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو، ئەوانەی لەگەڵماندا بوون،بۆ مێژوو باسیان دەکەم،کاکە حەمەی خانەقا،شەهید شێخ مارف بەرزنجی و شێخ فازڵ تاڵەبانی و دواتریش کاک موکەڕەم تاڵەبانی و زۆری دیکەش لە نیشتمانپەروەرانی کورد، لەو کۆبوونەوەیەدا (یونس ڕەئوف:دڵدار) بۆ یەکەمجار بوو، شیعری (ئەی ڕەقیب) بۆ خوێندینەوە بە دەنگێکی بەرز ،بە دەنگی نزم نەیتوانی چونکە کەمێک زمانی دەگیرا ، دوایی کە شیعرەکەی تەواو کرد زۆر لامان بەرز و بەنرخ بوو،پیرۆزباییمان لێکرد ئەویش گوتی خۆزگە یەکێک ئەبوو،کە بتوانێ ئاوازێک بۆ ئەم سرووده دابنێ مامی رەحمەتیم (حوسێن بەرزنجی) کە دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو،ئاواز و گۆرانیی و شیعری کوردی زۆری لەبەر بوو، مەقامە رەسەنەکانی کوردی وەک (ئای ئای،ئەڵڵا وەیس ،خورشیدی و..) زۆر چاک دەیزانی بە دەنگێکی بە تەئسیر دەیگوت نەوایەکی خۆشی هەبوو، هەر کەس گوێی لێبوایە سەرسام دەبوو،داوایان لەو کرد کە ئاوازی بۆ دابنێت،رەحمەتی(دڵدار)ئەو شەوە بەدەنگی بەرز شیعرەکەی بۆ خۆێندەوە،دوایش کە لەماڵی (کاکە حەمەی خانەقا) هاتینەدەر،بە (ڕووباری خاسە)دا،گەڕاینەوە بۆ (تەکییەی خۆمان)لە ئاخر حوسێن و ئێمە کە، یەواش یەواش دەڕۆیشتین،ئەوکاتە(دڵدار) شیعرەکەی بەدەنگی بەرز بۆ دەخوێندنەوە مامم(شێخ حوسێن)چەند دێڕێکی شیعرەکەی لەبەر کرد،لە دواییدا

(نص)ی شیعرەکەی لێوەرگرت و لەگەڵ خۆیدا بردییەوە بۆ ماڵ ودوای چەند ڕۆژێک ئەو ئاوازەی بۆ دانا، کاتێک کە بە گۆرانیی و بەو دەنگە خۆشەی (شیعری ئەی ڕەقیب) بۆ دڵدار دەڵێت،بەو دەنگ و ئاوازە سەرسام دەبێ و لە خۆشیدا هەڵئەپەڕێ!!

دەست دەکاتە ملی مامم و ماچی دەکاو لە گەڵ ئەودا بە ئاوازەوە کۆپلییەی **(کەس نەڵێ کورد مردووە)** دەڵێتەوە،ئۆخەی ئێستا زمانم بەر بوو، ئەوە، ئەم ئاوازە بوو کە من ئاواتم بۆ دەخواست، ئیتر سروودەکە،کەوتە سەر زاری هەموو کوردێک، یەواش یەواش بوو، بە (سروودی نیشتمانی گەلی کورد) تەواو.(14)و....تاد.

هەر لەم بارەوەش جیهانبخش کۆیی نووسینێک بەسەرناوی (سڵاوی کوردستان)ی نووسیوەو لە پەڕەگرافیکی نووسینەکەیدا دەربارەی مێژوو و شوێنی تۆمار کردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) بڵاو یکردۆتەوەو نووسیویەتی:( سروودی ئەی ڕەقیب بۆ یەکەم جار لە بەغدا و لە ساڵی 1943 قوتابیانی کۆلێژی ماف و ئەندازیاری و دارالمعلمین ئەم سروودەیان چڕی، شەماڵ سائیبی رەحمەتی زۆر جار باسی سروودی ئەی ڕەقیبی بۆ دەکردم و بە سروودە سەرکەوتوەکان ناوی دەبرد و ئەو ڕای وابوو کە سروودی ئەی ڕەقیب بۆتە سروودی (مارسلیزی) نەتەوەی کورد هەر بۆیەش کاک شەماڵ لەگەڵ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (جەمیل بەشیر) بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1961دا لە کۆمپانیای (عەشتارفۆن)و لەسەرقەوان ئەم سروودەیان تۆمار کرد و چاپەکەشی لە لەندەن کرا وە و شەماڵ سائیب،سەرپەرشتی کەری تیپی مۆسیقا (جەمیل بەشیر)ژمارەی قەوانەکەش (10725)و خێرای(45)ە واتە لەیەک خولەک45جار دەسوورێتەوە و ئەمەش یەکەم سروودی کوردییە کە لە مێژووی هونەری کوردی لەسەر قەوان تۆمار کرابێت.ئەم پێشەکییە کورتەم بۆ ئەمە نووسی کە خوێنەر و نەوەی نوێ کەمێک شارەزا و ئاگاداری سروودی ئەی ڕەقیب بێت و بەتایبەتی زۆر کەم دەیزانێ کە ئەم سروودە ئاوازی(شێخ حوسێن بەرزنجی)ە مەبەستی من لەم نووسینەم ئەوەیە کەچۆن سروودی ئەی ڕەقیب بکرێ بە سروودی ڕەسمی کوردستان؟ئایا چ لایەنێک بەڕەسمی بڕیار دەدات کەوا ئەی ڕەقیب ببێتە سڵاوی کوردستان؟ و چ لایەنێک ئەرکی جێبەجێکردن و تۆمارکردنی دەگرێتە ئەستۆ کە بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئاوازەکە بکەن بە شێوەیەکی سەردەمیانە دووبارە تۆمار بکرێتەوە (15)و..تاد.

ئەز کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەپەروەری کورد لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لە بارەگای نووسەرانی کورد لە هەولێر کۆبووینەوە کە بریتی بووین لە کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەر ڕۆژنامەنووس و پارێزەر و یاساناس و یەک ئەندام پەرلەمانتار دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ بڕیارماندا وەک دەستپێک دەستەیەک بۆ بەیاسایی کردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) دامەزرێنین، دەستەکە دامەزرا و دەستی کرد بە چالاکی لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان و بە سەدان و هەزاران واژۆی دژ بە گۆڕینی مارشی نەتەوەی ئەی ڕەقیب کۆکردەوە و تا هەنوکەش ئەم چالاکییانە بەردەوامن. هەمووومان تا ئێستاکە لەگەڵ ئەم دەستەیە کار دەکەین بڕیاریشمان داوە لە

(20.02.2007)دا، كە دەكاتە رۆژی لە دایک بوونی دڵداری شاعیر پەیمان تازە بكەینەوە كەوا هەردەم و بەبەردەوامی داكۆكی و پارێزگاری لەسیمبۆڵە پیرۆزەكانی نەتەوایەتیمان بكەین.

كاردانەوەی بەشی زۆرینەی گەلی كوردستان دژ بە گۆڕینی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) وئەو هەڵوێست وەرگرتنە نیشانەی نەتەوەپەروەری گەلی كوردستانە!

دوا بە داوی دەنگۆی گۆڕینی مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لە شەقامی هەولێر لە دەستپێكدا و دواتریش شارەكانی دیكەی كوردستانی تەنییەوە، كۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی كورد پەروەر و خودان هەڵوێست بە وتار و لێكۆڵینەوەو نووسین و لێداون دژ بەم پیلانە نەزۆک و سەرنەكەوتووە دەیان وتار و نووسین لە ڕۆژنامەو سایتەكانی ئینتەرنێت و لێدوانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەكانی ناوخۆ و سەتەلایتەكانی ئاسمانی ئاخاوتنیان كرد.

ئەم نووسین و هەڵوێست و لێدوان و نارازی بوونانە پیلانی گڵاوی عەقڵیەتی بەعسیزم، بۆیەش دەڵێم عەقڵیەتی بەعسیزم، چونكە ئەگەر ڕژێمی بەعس لەسەر حوكمی ڕەشی بمابووایەوە،ئەو كەسەی ئەو پێشنیازەی بۆ حكومەتی كوردستان كردبووكە دەبێ مارشی ئەی ڕەقیب بگۆڕێت كە بەقسەی ئەو گوایە باوی نەماوە، لەوانە بوو خەڵاتی باشترین هونەرمەندی ئاوازدانەری بە ملیۆنان دۆلاریان لە بەعس وەردەگرت، هەر وەک خۆی لەلێدوانێكی هەفتەنامەیەكدا گوتوویەتی : ئەگەر لە ئەوڕوپا سروودێكی نیشتمانی بۆ وڵاتێک دابنێیت ملیۆن و نیوێک دۆلار وەک خەڵات وەردەگریت. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە لێدوانانە درۆی شاخدارن و شتی وا لە ئەوڕوپا و دونیادا بە هیچ شێوەیەک ڕووینەداوە و وجودی نەبووە.قومارچی كاتێک دەدۆڕێنێت دەڵێت بە گوونم!

ئەز لە (ڕادیۆی دەنگی كورد) بەرنامەیەكی هونەریم هەبوو بەناوی (دیوانی دەنگبێژان) لەشاری ستۆكهۆڵم لەساڵی (1997)دا هونەرمەندی دەنگخۆش حەسەن گەرمیانی بە بانگهێشتێک لە لایەن(ڕەوەند موزیک)گەیشتە شاری ستۆكهۆڵم دیمانەیەكی ڕادیۆییم لەگەڵ بەرێزیان سازدا و پرسیارێكم ڕووبەڕووی كردەوە و گوتم: كاكی گەرمیانی ڕاستە مارشی نەتەوەیی(ئەی رەقیب) لە ئاوازی شێخ حوسین بەرزنجییە.. لەم بارەیەوە چ زانیارییێكتان هەیە؟لەوەڵامدا گوتی: بەڵێ خواڵێخۆشبوو شێخ حوسێن ئاوازەكەی داناوە و خۆشم لە دیمانەیەكی تایبەتی كە گۆڤاری ڕامان لە هەولێر لەگەڵیان سازدابووم، لەو دیمانەیەش ئاماژەم پێداوە.

ئەوە شایەنی گوتنە زۆر لە مێژبوو دەمزانی شێخ حوسێن بەرزنجی نەمر ئاوازی مارشی ئەی ڕەقیبی داناوە،چونكە شێخ مارف و شێخ حوسێن لەگەڵ باوكم دۆستایەتیان هەبوو، دۆستایەتیەكەشیان دەگەڕایەوە بۆ كۆتایی ساڵی (1953)ئەو كاتە هێشتا من لە دایک نەبووم، چونكە ئەز لە دەستپێكی مانگی ئاداری ساڵی(1955)دا لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایک بووم، تەمەنم ساڵێک و چەند مانگێک دەبێ ماڵی باوكم بەهۆی كاری سیاستەوە ڕوو لە شاری كەركووک دەكەن و لەگەڕەكی (موسەڵا)خانووێک بەكرێ دەگرن و پێش ڕووخانی

عەرشی پاشایەتی لە عێراق بەساڵێک ماڵمان هاتۆتەوە شاری هەولێر وەک دایکم ئەمڕۆ بۆی گێرامەوە. دوای هاتنەوەمان بۆ هەولێر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆکە لە گەڕەکی تەیراوە نیشتەجێین. دەڵێن بیری منداڵی تیژە وەک خەون بەبیرم دێت مامە شێخ حوسێن بەرزنجی چەند جارێک هاتۆتە ماڵمان لە هەولێر، وەک دایکم بۆی گێرامەوە،دەبێ لەنێوان ساڵانی (1960-1962)دا بوویێت، هەر دایکم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت زۆر باشم بەبیرنایێتەوە بەڵام پێموایە دواجار هاتبێتە لامان لە هەولێرساڵی(1962)بوو، ئەگەر هەڵم نەکردبێت،چونکە ئەو دەمە بابت تازە هەمووی چەند مانگێک بوو خانووی ئێستاکە کە لە ناودا دەژین تەواوی کردبوو و زۆریش لەسەر خانوو دروستکردنەکەماندا قەرزارببوینەوەوهەر دایکم دەڵێ : پێموایە (شێخ حوسێن) لەزیندان دەست بەسەر بوو، بەڵام ئەو کاتە خەڵک بە کەفالەت بۆ چەند ڕۆژێک لە زیندان دەهاتە دەرەوە و دوا جاریش هاتە هەولێر ئەو ساڵە بوو،چونکە دایکم دەڵێت بیرمە بابت پێی گوت: ئەگەر دەزانیت ژیانت لەمەترسیدایە لە هەولێر بمێنەوە و لە شوێنێک یان لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر دەتشارمەوە.دیارە شێخ حوسێنی شەهید رازی نەبوو، هاتنی ئەو پیاوە گەورەیە تەنیا هەر بۆ ماڵی ئێمە نەبوو و بەس بەڵکو ئەو دەمە کرێچییێکی مەسیحیمان هەبوو کە لە شارێکی دیکە لە ترسی رژێمی ئەوساکە هاتبوونە هەولێر و دوو ژووریان لەلای ئێمە بەکرێ گرتبوو ، ناوە ناوەش شێخ حوسێن بەرزنجی نەمر دەهات بۆ سەردانیان و یارمەتی بۆ دەهێنان و سەردانی باوکمیشی دەکرد، کرێچیەکەمان سێ منداڵیان هەبوو ئێوەش ئەودەمە چوار منداڵ بوون دوو برا و دوو خوشک شێخ حوسێن بەرزنجی تا پێش لە سێدارەدانییان لە 23.6.1963دا ،کە هەرهەموویان (28) تێکۆشەر بوون لە ڕۆخ ڕووباری خاسە لە شاری کەرکووکدا بە دارتێلی کارەبا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵیانواسیبوون بۆ ئەوەی خەڵکی شاری پێ بتۆقێنن و لەنێوانیاندا شەهیدانی دووبرا شێخ مارف و شێخ حوسێن بەرزنجیشی هەبوون. ئەوەی جێگەی باسە شێخ حوسێن کە ئەو ساڵانەی دەهات بۆ سەردانمان دایکم دەڵێت: زۆر داوامان لێدەکرد بێتە لامان نیوەڕۆ لەکنمان بمێنێتەوە،چونکە هەر دەم سەرلەبەیانیان دەگەیشتە هەولێرێ و ڕووی لەماڵی ئێمە دەکرد، کەچی ئەو لە (15-20)خولەک زێدەتر لە بەر دەرگا نەدەمایەوەو زێدەتریش بۆ کاروباری حیزبایەتی دەهاتە هەولێر و هەرجارێکیش بهاتبایە کیسەیەک(شەکرۆکەی) بۆ ئێوە(دایکم مەبەستی لەبرا و خوشکەکانمە)ئەو ماڵە مەسیحییەی کرێچیمان بوون بە دیاری بۆتانی دەهێنا و بەیەکسانی بەسەرهەردوو لاتانی دابەش دەکرد،هەرچەندە من ئەو هەموو شتانەم بەبیر نایەتەوە، کە دایکم لە ماوەیەدا بۆی باس کردووم، تەنیا کیسەی (شەکرۆکەکەم) لە بیرە ماوە، هەرچەندە باوک و دایکم زۆر لە مێژە بۆیان گێڕامەتەوە کە ئاوازی مارشی(ئەی ڕەقیب) شێخ حوسێن دایناوە. ئەوەی شایەنی گوتنە: باوکم چونکە ئەدەب و هونەر دۆست بوو ئاگاداری بزاڤی ئەدەبیات و هونەری کوردی ئەوێ دەمێ بوو مەبەستم ڕەوشی چڵەکانی سەدەی ڕابردوو بوو و سەرباری ئەوەش ئەو دووبرا قارەمانە شەهیدە شێخ مارف و شێخ حوسێن بەرزنجی دۆستی نزیکی بوون تاڕادەیەک لە ژیانیان ئاگادار بووە،هەرچەندە بابم هەنوکە لە ژیاندا نەماوە،

گێڕانەوەکانی ئەوەی پەیوەندی بابەوە هەیە هی نێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە،بەڵام زانیارییەکانی دایکم لەو ماوەیەدا لێم وەرگرتوون. هەر بۆیەش لە دیمانەکەی لەگەڵ هونەرمەندحەسەن گەرمیانیدا تاڕادەیەک زانیاریم دەربارەی ئاوازی مارشی ئەی ڕەقیب هەبوو و بۆیە هەر وەک لەپێشدا ئاماژەم پێداوە دواتر بەچەند ساڵێک وتارێکم لەسەر مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لە سایتەکانی ئینتەرنێت ولەهەفتەنامەی (باسەڕە)ی کەرکووک بڵاومکردەوە و ئاماژەم بە ئاوازدانەرەکەی که شێخ حوسێن بەرزنجییە دابوو.

دکتۆر مارف خەزنەداریش بە وتارێک بەم شێوەیە داکۆکی لە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کردووەونووسیویەتی:جارێ کەس مافی ئەوەی نییە دەست لە سروودی(ئەی ڕەقیب)بدا،هەموو کەسێ سەربەستە خەیاڵبازی بکا بیر لەهەموو شتێک بکاتەوە،بەڵام مافی ئەوەی نییە ئەگەر ئەو وەرە ووردە پێوەندی بە (ئەی ڕەقیب)ەوە هەبێ بەنووسین یا بە ئەزبەر بەکەسی بگەیەنێ.

(ئەی ڕەقیب) لەو ڕۆژەی هۆنراوەتەوە لاوی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر کردوویەتی بە (سروودی قەومی) ئینجا حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەی جیاوازی لاوان و کۆماری کوردستان لەمەهاباد کردوویانە بە سردووی خۆیان،ڕاستە دڵداری خەڵکی کۆیە دایناوە،بەڵام لەپاشانا بووە بەهی هەموو کورد و لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا بە سروودی قەومیان ناسراوە،تەنیا کوردە کۆمۆنیستەکانی عێراق ئیعترافیان پێ نەکردووە تا ئەم دواییە و سروودی (ئازادیخوازی کوردین ئێمە)یان کردبوو بە سروودی ڕەسمی خۆیان.ئێستا ئەوانیش پەشیمان بوونەتەوەو (ئەی ڕەقیب) بە سروودی قەومی دەزانن (16)و...تاد.

پەرلەمانتاری کورد مامۆستا ئارێز عەبدوڵڵا بەم شێوەیە دەربارەی (ئەی ڕەقیب) نووسیویەتی: ئێمە دەزانین لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا دەیان سرود دانراون و گوتراون،بەڵام هیچیان وەک ئەی ڕەقیب جێگەی خۆیان لەناو دڵ و مێشکی خەڵکیدا نەکردۆتەوە بۆیە دەشێ بڵێم: ئەو سرودە لە ریفراندۆمێکی دوورو درێژی رانەگەیەنراوی کوردستاندا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پەسند کراوەو، بۆتە بەشێک لە کولتور و مارشی میژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی.ئایا کێ مافی ئەوەی هەیە باس لەسڕینەوەی ئەو مێژوو و کولتورە بکا،لە کاتێکدا کولتوری گەلان نەبە بڕیارو نەبە ماوەیەکی دیاریکراو دروست دەبێ؟(17)و ...تاد.

ژنە رۆژنامەنووسی ئازا (خاتوون تامان شاکر) دەربارەی سیمبۆڵە پیرۆزەکانی نەتەوە بەسەرناوی سروودی ئەی ڕەقیب بۆ دەگۆڕن؟ لە دێری ژێرەوەشدا نووسیویەتی: ئەو نەتەوەیەی بودەڵە نەبێت، سروودی نەتەوەیی ناگۆڕێت. خاتوو تامان لە درێژەی وتارەکەی و لە پەڕەگرافێکی دیکەدا دەنووسێت: سروودی ئەی ڕەقیب،لەساڵی (1938)دا لەلایەن دڵداری شاعیرەوە نووسراوەو شێخ حسێنی بەرزنجی ئاوازی بۆ داناوە،لە 17\12\1946بۆیەکەم جار لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد وتراوە،ئەی ڕەقیب شان بەشانی پێشمەرگە لە خەبات بووە،ئەی ڕەقیب هێزی ئەژنۆی زیندانە سیاسییەکان بووە،زۆرینەشیان هەر بەدەم وتنەوەی ئەو سروودە گیانیان

سپارد. لەپەڕەگرافێکی دیکەیدا دەبێژێت: بە 40ملیۆن کورد خاوەنی 3 شتی گرینگین کە بەیەکەوەمان گرێ دەدات(**ئەی ڕەقیب، نەورۆز، ئاڵای کوردستان**)،کورد خۆی لە دوانی کەوتۆتە تەقە جا نازانین نەورۆزیش بە چ دەردێک دەچێت.(18)و..تاد.

ئەوەی شایەنی گوتنە ئێمەی کورد لە سەرتا سەری کوردستانی مەزندا کاتێک لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیەکانماندا مارشی ئەی ڕەقیب دەچڕین تێکستە ڕەسەنەکە ناخوێنین و تا ئەمڕۆ تێکستەکە بە هەڵە بەسەرماندا تێپەڕیوە، بۆیە لەم دەرفەتەدا بەباشیدەزانم وەک پێشنیازێک دەیخەمە بەر دید و هزری بەرێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری و خودی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی ئەگەر بیرلە بە سەمفۆنیاکردنی مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب کرایەوە و بە شێوەیەکی تازەو مۆدێرن سەر لەنوێوە تۆمار بکرێت، تکایە پێشنیازە گرنگ و پرۆفیشناڵەکەی مامۆستا نایف شێخانی لەبیر مەکەن، ئەگەر هیچ نا پرسێکی پێ بکەن ئەگەر هاتوو ئەم پرۆژەتان دەست پێکرد. بە پێویستی دەزانم بەر لەوەی کۆتایی بەم نووسینەم بهێنم دەقی هەڵبەستی دڵداری شاعیر بنووسم کەلە دەستوونوسەکەی دوا ماڵئاوایدا لە دوای بەجێماوە ئەمەی خوارەوەش پێموایە دەقە رەسەنەکەیەتی.

**ئەی رەقیب**

**ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان**
**نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**
**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین**
**سەیریکە خوێناویە ڕابوردومان**
**ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین**
**دینمان ئاینمانە نیشتمان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**
**چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕرەشێر**
**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**
**لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە...**
**جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان**
**لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر**
**سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان.**

لە دوا دێرەکانی نووسینەکەمدا بەم چەند دێرە پر هەستیارەی برادەری خۆشەویستم (کاکە یوسف عەبدولقادر ڕەسول)ی نووسەر بەکۆتا دەهێنم کە دەبێژێت: **با لێمانگەڕێن هەر**

**هەمووومان ببین بە دڵداری ئەی ڕەقیب،با یادی منداڵیمان لە بیر نەچێت،ئەگەر میللەتمان بەدەستی زۆردار ئەنفالکرا،با بەدەستی خۆمان ئەی ڕەقیب بە زیندوویی ئەنفال نەکەین.**

لەدوماهیدا بەو شەش پەیڤەی خۆی بەکۆتا دێنم هەر ناونیشانی وتارەکەی وا دەستپێکردووەو دەبێژێ: **با هەمووومان (دڵداری) ئەی رەقیب بین**(19).

هەولێر 2007\2\16

**سەرچاوە و پەراوێز**

............................


1- حەیدەری عاسم،گۆڤاری دەفتەری کوردەواری،ژمارە 2 ساڵی 1970.

2- فەیزی گۆران سۆران، کتێبی باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی 1935-1958 لاپەڕە 17.

3- علاالدین عبدوالخالق،دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد .

4- سەرچاوەی پێشوو.

5- سەرچاوەی پێشوو.

6- سەرچاوەی پێشوو.

7- سەرچاوەی پێشوو .

8- سەرچاوەی پێشوو.

9- حەیدەری مومتاز، دڵدار 1918-1948 گۆڤاری دەفتەری کوردەواری ژمارە2 ساڵی 1970.

10- علاالدین عبدالخالیق، دڵدار شاعیری شۆڕشگیری کورد.

11- موکریانێ گیو،دیوانی دڵدار چاپخانەی کوردستان ساڵی 1961.

12- علاالدین عبدالخالیق، دڵدار شاعیری شۆڕشگیری کورد.

شاربازێری عوسمان ،هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە 397. 2007\1\23.

13- شاربازێری عوسمان ،هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە 395. 2007\1\9.

14- کۆیی جیهانبخش هەفتەنامەی گوڵان ژمارە:552 ، 2005\12\1.

15- خەزنەدار مارف دکتۆر، هەفتەنامەی هەولێر ژمارە: 10، 2006\12\28.

16- عەبدوڵڵا ئاریز، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە: 4159 ، 2006\12\29.

17- شاکر تامان، رۆژنامەی جەماوەر ژمارە: 207 ، 2007\1\15.

18- هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە:394، 2006\12\26.

*لە دوو شوێن لـەم نووسینمدا ئاماژە بە (کۆمەڵەی دارکەر) کراوە، لە دەستپێکدا هاتووە(کۆمەڵەی دار کەر) لە هەولێر لەسەر دەستی چەند تێکۆشەرێکی هەولێرییەکان دامەزراوەو لە نێویشیاندا دڵداری شاعیر ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، ئەمەیان ڕاستە.بەڵام ئەوەی شێخ ئیبراهیم شێخ مەحەمەدی بەرزنجی باسی لێوەکردووە ناتەواوە، بەڵکو کۆمەڵەی دارکەربەماوەیەک دواتر فرەوان بووەو لقی لە شارەکانی دیکەش کراوەتەوە ونەک لە شاری کەرکووک دامەزرا بێت ئەمەیان دروست نییە. دواتر ئەندامانی ئەم کۆمەڵەی دار کەرە هەموو چوونە نێو حزبی (هیوا)ەوە.

** لەڕێکەوتی 20-2-2007دا لە (89)مینساڵیادی لە دایکبوونی دڵداری شاعیر دا خاتووکوردەخان قائیمقامی شاری کۆیە بۆ من و برادەران مەهدی ئومێد و لالۆ ڕەنجدەری بەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ڕاگەیاندنەکان بە ناڕاستی هەواڵی تێکدان و ڕمانی ئارامگەی دڵداری شاعیریان بە شێواوی لە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندا بڵاوکردەوە، لە ڕاستیدا ڕەشەبایەکی گەورە شاری کۆیەی گرتووە و هەندێک لایەنی ئارامگەی دڵداریشی ڕووخاند بوو ،ئێمەش وەک قائیمقامیەتی کۆیە بڕیارماندا ئارامگەکەی نوژەنبکەینەوە و گۆڕەکەمان بەتەواوی ڕووخاند و دوای ئێمە بۆ ئاژاوەنانەوە ڕۆژێک دواتر کەسانێک چووبوون تێکستی (ئەی ڕەقیب)یان لەسەر دیوارەکە بە بۆیەی سپی شێواندبوو، ئێمە ئەو دەستە ڕەشە باشدەزانین کێن.. کە ئەو کارە تێکدەرانەیان ئەنجامدا بوو..!

گرنگ ئێستاکە ئێوەی بەرێز دەزانن ئێمە وەک قائیمقامیەتی کۆیە بە چ شێوەیەک ئارامگەکەی دڵداری شاعیرمان نوژەنکردۆتەوە.

*** ئەم وتارە دوور و درێژەم لە( مانگنامەی بەدرخان) ی ژمارە:78ی ڕۆژی 22-2-2007 و لەلاپەرەی (12-13)دا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لێرەدا بە دەستکارییێکی زۆرەوە و لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەی خاتوو کوردەخانم قائیمقامی کۆیە جارێکی دیکە بڕیارمدا بڵاوی بکەمەوە.